


کەمال غەمبار

# تەنگژەی رەخنە لە تەنگژەی رۆشنبیریدایە

کە باس لە رەخنە دەکەین، بەو چەمکە کۆنە نییە کە تەنیا لایەنی نێگەتیڤی دەقەکە بخرێتە روو، بەقەد ئەوەی دەربڕینی باکگراوندی رۆشنبیریی رەخنەگرە کە تا چ رادەیەک ئاستی مەعریفی و شارەزابوون و تێگەیشتنی دەردەخات، کە ئەدونیس لەو باوەڕەدایە رۆشنبیریی عەرەبی لە قەیراندایە، قەیرانەکەش لە خوێندنەوەدایە، مەبەستی خوێندنەوەکە نییە وەک خوێندنەوە بەڵکو «رەخنە مەعریفەیە، یان داهێنانی مەعریفەیەکی نوێیە پشت بەدەق دەبەستێ و، لە مەدا تاقیکردنەوەی دەقە».

ئەگەر بگەڕێینەوە سەردەمی گریک مەسەلەی رەخنەمان زیاتر بۆ روون دەبێتەوە کە وشەکە لە زمانە ئەورووپییەکاندا لە "Criticism"ەوە هاتووە، ئەمەش لە فەرمانی گریکی "Krinein" وەرگیراوە کە ماناکەی لە نەژاددا بڕیاردانە یان بیرکردنەوەیە و بەمانای "نەقد" واتە دراو بەکارهاتووە کە گونجاوترین واتا کە رەخنەی عەرەبی لێی وەرگرتووە: جیاکردنەوەی دراوی و زیو یان زێڕە لە هی قەڵب "ساختە" ئەوەش پێویست بە شارەزایی و بیر دەکات پاشان بڕیار لەسەر دانی". ئەوەی راست بێ تەنانەت شاعیرانی کلاسیک. شیعرەکانی خۆیان بە دراو "نقد" لە قەڵەم داوە، ساغکردنەوە و جیاکردنەوەی دراویش کەسانی شارەزاو لێهاتووی دەوێ، ئەوان دەزانن چ جۆرە دراوێکە، وەک چۆن ئەوانەی پارە دەگۆڕنەوە واتە "صراف"ەکان، پارەی رەسەن لە هی ساختە جیادەکەنەوە، رەخنەگریش دەبێ شارەزاییەکی تەواوی لە هەڵسەنگاندن و دەستنیشانکردنی دەق هەبێ وەکو حاجی

قادری کۆیی دەڵێ:

بەڵام ئەوانی کەصەڕڕافی زێڕ و زیوی قسەن
بە شەهـ ڕەوایی دەزانن، چ سککەیێکە ڕەوا

لێرەدا حەزدەکەم ئاماژە بە خاڵێک بکەم کە ڕەخنەگر جگە لە تێگەیشتنی دەق لە هەموو ڕوویەکەوە، بەکارهێنانی کەرەستە مەعریفییەکانی هەڵسەنگاندنی دەقەکە، نەکەوێتە ژێر کارتێکردنی تاکە میتۆدێکی تایبەت کە لەگەڵ حەزو ئارەزوو و ڕێبازی ئەو دەگونجێ، بەڵکو پێویستە سوود لە هەر میتۆدێک وەرگرێ کە خزمەتی ڕەوتی ڕەخنەکەی دەکات و، لە ڕوانگەیەکی کەسایەتیی مامەڵە لەگەڵ خودی دەقەکە نەکات.

**گرنگیی ڕەخنە لەوەدا دەردەکەوێ کە ڕەخنەگر شتی نوێ لە دەقەکەدا هەڵکرێنێ کە کەسانی ئاسایی پەیان پێ نەبردووە**

گرنگیی ڕەخنە لەوەدا دەردەکەوێ کە ڕەخنەگر شتی نوێ لە دەقەکەدا هەڵکرێنێ کە کەسانی ئاسایی پەیان پێ نەبردووە، واتە داهێنان و ئەفراندن بکات، کە ڕەنگە خاوەن دەقەکە ئەو بۆچوونەی ڕەخنەگری نەبێ، هەروەها تەنیا ئاوڕ لە لایەنی ناوەرۆک نەداتەوە بە پێی ئەو ئایدۆلۆژییەی کەوتووەتە ژێری، بەڵکو بەدوای بنەماکانی کاری هونەریی ئەو بەرهەمە بگەڕێ کە لێی دەکۆڵێتەوە و لایەنێک بەسەر لایەنێکی تردا نەچەسپێنێ و کراوە بێ بەسەر هەموو تیۆر و میتۆدەکاندا، هەرچەندە زۆر زەحمەتە کە ڕەخنەگر لە خودی خۆی بترازێ، وەک ئەو فەیلەسووفەی لە فەلسەفەکەیدا لە خودی خۆیدا بترازێ، هەرچۆنێک بێ دەبێ ڕەخنەگر ئەو توانایەی هەبێ کە لایەنی لاوازی و بەهێز لە دەقەکەدا دەستنیشان بکات، چێژ لە ڕواڵەتەکانی تازەدا وەربگرێ و، بنەمای ئەم چێژەش بەندە بە ئەزموونی دوورودرێژی ڕەخنەگر کە دەتوانێ کاری ئەدەبی یان هونەری لە شوێنی شیاوی خۆی دابنێ و، ئاماژە بەلایەنە داهێنراوەکانی دەقەکە بکات کە ئەمەش شارەزاییەکی دوورودرێژ و تێگەیشتنێکی بەرفراوانی گەرەکە لە هەموو کایەکانی مەعریفەدا.

**دەبێ ڕەخنەگر ئەو توانایەی هەبێ کە لایەنی لاوازی و بەهێز لە دەقەکەدا دەستنیشان بکات، چێژ لە ڕواڵەتەکانی تازەدا وەربگرێ**